# Media Criticism for Evaluating Political Discourse in Digital Media It is an analytical study of the news of NRT website

Mohammed Abdullah Mahmood[1], Aryana Ibrahim Mohammad [2]
[1] Media Criticism, Political Discourse, Digital Media,
[2]Media Department, College of Arts, Salahaddin University-Erbil

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.25*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*The purpose of this study is to determine the direction of the NRT website. In criticizing and evaluating the political discourse in the Kurdistan Region, the symbolic dimensions and paths of proof that are mentioned in the discourse of NRT website. The study is a descriptive study that used a survey method and relied on content analysis. The research community is digital media in the Kurdistan Region, where NRT website was identified as a research sample and 435 news stories were analyzed during the year. The most important findings of the study are that the direction of NRT website carries a discourse of opposition to the Kurdistan Regional Government.*

***Keyword***: *Media Criticism, Political Discourse, Digital Media*

# ڕەخنەی میدیایی بۆ هەڵسەنگاندنی گوتاری سیاسی لە دیجیتاڵمیدیا

## توێژینەوەیەکی شیکردنەوەییە بۆ هەواڵەکانی سایتی NRT

محەمەد عەبدوڵلا مەحمود

قوتابی دکتۆرا لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر/ کۆلێژی ئاداب/ بەشی ڕاگەیاندن

Kalari79@yahoo.com

پ. د. ئاریانا ئیبراهیم محەمەد

مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر/ کۆلێژی ئاداب/ بەشی ڕاگەیاندن

Aryana.mohmad@su.edu.krd

پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی ئاڕاستەی سایتی NRT، لە ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی گوتاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ ڕەهەندەکانی ئاماژەیی و ڕێڕەوەکانی سەلماندن، کە لە گوتاری سایتی NRTدا هاتوە. توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفیە و میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێنراوە و پشتی بە ڕێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەستوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە دیجیتاڵمیدیا لە هەرێمی کوردستان کە سایتی NRT وەک نموونەی توێژینەوە دەستنیشانکراوە و شیکردنەوە بۆ (٤٣٥) هەواڵی سایتەکە لە ماوەی ساڵێکی تەواو کراوە. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتوە ئەوەیە، ئاڕاستەی سایتی NRT هەڵگری گوتاری بەرهەڵستکارانەیە لە ئاست حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزە پێکهێنەرەکانی. هەواڵەکانی زیاتر سیمای هێرشکردنیان پێوە دیارە بۆ سەر کۆی دامەزراوە فەرمیەکان، ڕووداوەکان زیاتر لە یەک گۆشەنیگاوە خراونەتەڕوو.

**وشە کلیلیەکان:** ڕەخنەی میدیایی، گوتاری سیاسی، دیجیتاڵ میدیا

# ڕەخنەی میدیایی بۆ هەڵسەنگاندنی گوتاری سیاسی لە دیجیتاڵمیدیا

# توێژینەوەیەکی شیکردنەوەییە بۆ هەواڵەکانی سایتی NRT

## ١- پێشەکی

### ١-١- پێشەکی

میدیای نوێی کوردی وەک بەشێکی دیاری میدیای کوردی، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوە و زەقکردنەوەی هەندێک لایەن و کاری دیاریکراوی حکومەت و دەسەڵاتەکانی دیکەی سیستمی سیاسی، هەوڵی داوە ڕۆڵی چاودێریکردنی ئەو کایانە و مومارەسەکردنی ڕەخنە لە کارایی و بەرپرسیاریەتیان بگێڕێت.

لە نێو ئامرازەکانی میدیای نوێشدا، سایتە هەواڵیەکان دەکەونە چەقی ئەو ئامرازانە و بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر کار لەسەر ڕووماڵ و گواستنەوەی ئەو هەواڵانە دەکەن، کە بە کایە جیاوازەکانەوە پەیوەستن، بە تایبەتیش ئەوانەی پەیوەندیدارن بە حکومەت و حزبە پیکهێنەرەکانیەوە. لە نێو ئەو سایتانەش سایتی ئەلیکترۆنی NRT دەستنیشانکراوە، بۆئەوەی لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستی لەم جۆرە هەوڵی هەڵوەستەکردن لەسەر سروشتی ئەو ناوەڕۆکە ڕەخنەئامێزە بدرێت، پێگە و ڕۆڵ و کاریگەریشی لە هەڵسەنگاندنی گوتاری سیاسی کایەی سیاسی و دەسەڵاتە جیاوازەکانی نێو سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا دەستنیشانبکرێت.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت، تیشک بخرێتە سەر تیۆری چوارچێوەی هەواڵ لە سایتی NRT دا، لە ماوەی نێوان ٢٠٢١/١١/١ تا ٢٠٢٢/١٠/٣١ بۆ هەڵسەنگاندنی گوتاری سیاسی لە ناوەڕۆکە هەواڵیەکەیدا.

١-٢- کێشەی توێژینەوە

کێشەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، میدیای نوێ لە ڕێگەی ناوەڕۆکە ڕەخنە ئامێزەکەیەوە، چۆن گوتاری سیاسی تیایدا ڕەنگیداوەتەوە؟

١-٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە: دیاریکردنی ئاڕاستەی سایتی NRT لە ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی گوتاری سیاسی، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو ڕەهەندە ئاماژەپیانەی ڕێڕەوی سەلماندنن و لە هەواڵەکانی سایتەکەدا هاتوون.

١-٤- پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

گرنگترین پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە، بریتین لە:

١- سایتی NRT لە ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی گوتاری سیاسی چ ئاڕاستەیەکی گرتۆتەبەر؟

٢- دیارترین ئەو ڕەهەندە ئاماژەپیانە چین کە لە هەواڵەکانی سایتی NRTدا هاتوون.

٢- ئەو ڕێڕەوانەی سەلماندن کامانەن، کە سایتی NRT، لە هەواڵەکانیدا پەنای بۆ بردون؟

١-٥- گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، ئەو بەیەکداچوونە دەخەینەڕوو، کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا ڕوودەدات لە نێوان کایە سیاسیەکان و ئامرازەکانی میدیا بە هەردوو جۆری باو و نوێی، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە ئاڕاستەکردنی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی گوتاری سیاسی. لەو سۆنگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵی دەرخستنی ڕۆڵی ڕەخنەیی سایتی NRT بۆ هەڵسەنگاندنی گوتاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا دەدات.

٢- پێداچوونەوە بە دەق و توێژینەوەکانی پێشوو

١-٢- پاشخانێکی مێژوویی لەبارەی بابەتەکە

**١-١-٢- ڕەخنەی میدیایی، دەروازە و پێناسە**

ئەو پێشکەوتنە مێژووییەی ئامرازەکانی گەیاندن بەخۆیانەوە بینی، ڕەنگدانەوەیەکی واقیعی لەسەر پێشکەوتنی پرۆسەی ڕەخنەی میدیایی هەبوو، کە هاوتەریبی ئەزموونی میدیاییەکە بوو لە هەموو قۆناغەکانی گەیاندن. بایەخمەندانی بواری ڕەخنەی میدیایی، وای دەبینن، ئەو وەرچەرخانەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە لە مێژووی گەیاندن لە ئەنجامی ڕوانگەی ڕەخنەیی و تێبینی هەڵسەنگاندنەکان بووە، کە لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئاستێکی باشتری کاری میدیایی بەشدار بووە (بخيت، ٢٠١٢، ٣٤).

ڕەخنەی میدیایی، بریتییە لە پرۆسەی جێبەجێکردنی کۆمەڵێک بنەما و ئامرازی ڕەخنەیی، لەسەر بابەت و بەرنامە میدیاییەکانی خوێنراو و بیستراو و بینراو و کارلێکی، بە ئامانجی ناسینی لایەنە باش و کەموکوڕیەکانی و پەرەپێدانی لایەنە ئەرێنیەکان و چارەسەرکردنی کێماسیەکان، بۆئەوەی ئەو ئامانجانە بپێکێت، کە لە پێناویدا ئەو بابەت و بەرنامانە پێشکەشکراوە (عمر، ٣١،٢٠١٦).

کەواتە، ڕەخنەی میدیایی، پرۆسەی لێکۆڵینەوەی کارە میدیاییەکانە بە هەموو ئامرازەکانیەوە و کارە پیشەییەکان هەڵدەسەنگێنیت و شرۆڤەیدەکات، بەپێی بنەماکانی سروشتی ئەو سیستمە میدیاییەی هەیە، لەگەڵ مەرجە پیشەییەکان.

**٢-١-٢- ئاڕاستەکانی ڕەخنەی میدیایی:**

ڕەخنەی میدیایی پشت بە کۆمەڵێک ئاڕاستە دەبەستێت، لەوانە (د. هباس الحربي، ٢٠١٥، ٦٠):

**١- ئاڕاستەی مەعریفی:** جەخت لەوە دەکاتەوە، کە میدیا پەیام دەگەیەنێت. پەیامی میدیاییش ئەو مەعریفانە لەخۆدەگرێت، کە بیرۆکە و ئاڕاستە جیاوازەکان ڕووندەکاتەوە، بەڵام بە تەرکیزکردن لەسەری، ڕەگەزەکانی دیکەی کارکردنی میدیایی لەدەستدەدات.

**٢- ئاڕاستەی تەکنیکی شێوەیی:** ئەم ئاڕاستەیە هەوڵدەدات، لێکۆڵینەوە لەو ڕەگەزە تەکنیکی و شێوەییانە بکات، کە کاری میدیایی پێ دەرکەوتوە، وا لە ئاڕاستەکانی دیکە دەکات ئامراز گەلێک بن، پشتیان پێ ببەستێت. تەرکیزکردنە سەر ئەم ئاڕاستەیە، وا دەکات، بە لایەنی شێوەیی، نەک ناوەڕۆک، سەرقاڵ بێت.

**٣- ئاڕاستەی کۆمەڵایەتی:** ئەم ئاڕاستەیە پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیاری، جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی مرۆڤ بە دەنگ ئەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و ژیاریانەوە دەچێت، کە لەگەڵ ژینگەکەیدا دەگونجێت. بەڵام ئەم ئاڕاستەیە خۆی لە بڕیاردانی کەسی دەبینێتەوە، بە هۆکاری دەرەوەی کاری میدیایی، کاریگەر دەبێت.

**٤- ئاڕاستەی مێژوویی:** لەم چوارچێوەیەدا ڕەخنەگر لە ڕوانگەی مێژووییەوە تاوتوێی کاریگەریەکان لەسەر کاری میدیایی دەکات.

**٥- ئاڕاستەی دەروونی:** ئەم ئاڕاستەیە، تەرکیز لەسەر دەروونی میدیاکار دەکاتەوە، وێڕای باری دەروونی وەرگران، بەڵام ڕەنگە ڕەخنەکە خودیی و لە ڕوانگەی ڕای تایبەتییەوە بێت، واتە بابەتی نەبێت، لەگەڵ نەهێشتنی بەها تەکنیکیە شێوەییەکانی کاری میدیایی (سەرچاوەی پێشوو، ٦١).

**٦- ئاڕاستەی تەواوکاری:** لە ئاڕاستەکانی پێشوو پێکدیت و لە ڕوانگەیەکی گشتگیر لە کاری میدیایی دەڕوانێت، هیچ لایەکیان بەسەر ئەوی دیکە زاڵ ناکات. بەوە دەناسرێتەوە، کە هاوسەنگی هونەرێکە ناوەڕۆک و شێوە و شێواز دەردەخات، بۆ بڕیاردان لەسەر کاری میدیایی، هەروەها

شرۆڤەکردنی کاری میدیایی لە ڕوانگەی ئەو دۆخەی تیایەتی (کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ژیاری)، وێڕای دۆخە دەرونیەکانی بەرهەمهێنەری کاری میدیایی.

**٣-١-٢- پەیوەندی نێوان گوتاری میدیایی و گوتاری سیاسی:**

پەیوەندیەکی پێکەوە گرێدراو و ئاشکرا و کاریگەر لەنێوان گوتاری میدیایی و گوتاری سیاسیدا هەیە. گوتاری میدیایی لە کاتی قەیرانەکاندا ڕوویەکی دیکەی گوتاری سیاسیە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەردوو گوتار دوو ڕووی یەک دراون، چالاکی میدیایی وا وەسفدەکرێت، کە گوزارشتە لە چالاکی سیاسی لە وڵاتانی جیاوازدا، هەردووکیان بەهۆی ملکەچبوونیان بۆ دەسەڵاتی سیاسی لێک نزیکن.

گوتاری میدیایی، دەربڕی پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی گوتاری سیاسیە، پرۆسەی هێما و ئاماژەسازیە، کارکردن لەسەر دروستکردنی واقیع و پێشکەشکردنی بە وێنە و شێوازی جیاجیا، بۆ گۆڕینی ڕاو قەناعەتەکان بۆ مومارەسەی ڕەفتاری، لەگەڵ ئامانجەکانی بکەری گوتاری بگونجێت (حمود، ٢٠٠٠، ٤٧).

گوتاری سیاسی واتای وێناکردنی واقیع و نواندنێتی بەشێوەیەکی کردەیی، لە سیستمێک لەو چەمکانەی کە مۆرکێکی گشتی و دیاریکراو لەخۆدەگرێت، ئەوا گوتاری میدیایی لە ترسناکترین پێگەکانی ئەم نواندنەیە، لە نێوان وێناکردنی خودی ئەم واقیعە، لێرەوە پرۆسەی بەرهەمهێنانی گوتاری میدیایی دەستپێدەکات، گرنگ نیە واقیعەکەی بزانیت و پەی بە یاساکانی ببەیت، هێندەی ئەوەی بڕواپێهێنانی ئەم واقیعە و پێشکەشکردنی بەوەی هەمان واقیعە لەئ ێستادا لە میانی تێگەیشتنی ڕابردوو، توانای دەستگرتنی بە داهاتوو و کۆنترۆڵکردنی لە کاتی شیکردنەوەی لە لایەن شرۆڤەکاری میدیایی بۆ چەواشەکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی زانستی و لۆژیکی، لە دەرکردنی بڕیاری هەمەکی و گشتی ڕەها، پەنا بۆ خاڵە لاوەکییەکان دەبات. ئەو لە داڕشتنەوەکەی پشت بەو واقیع و ڕووداوانە دەبەستێت کە بە ڕاستی ڕوویانداوە، بەڵام پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە

کە بەپێی پلان و جێبەجێکاری میدیاییەوە ئەنجام دەدرێت، جا تاک بێت یان تیم، ڕاستیەکان دەشێوێنێت (الغريري، ٢٠٠٥، ٦).

بەپێی جیاوازی سیستمە سیاسی و بیر و باوەڕەکانیش گوتاری میدیایی دەگۆڕێت، پاشان پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی گوتاری میدیایی دەدرێتە دەستی گوتاردەرانی مونتەسیبی خودی ئەو سیستمانە و پەیوەندیدار و نوێنەرانی توێژێک لە میدیاکارانی خاوەن پسپۆڕێتی و شارەزایی و ڕۆشنبیری، ئەم ئینتیسابە، ئەگەر بیروباوەڕیی بێت یان ئەرکی یان تەنها شێوە بێت، ڕەنگدانەوەی بۆچوونی بەرهەمهێنی گوتارەکەیە یان دەسەڵاتی فەرمانڕەوایە، کە تیایدا کاردەکات (حسن، ٢٠٠٤، ٤٢). ئەمەش نیشانەی ئەوەیە گوتار لە بۆشاییدا کارناکات، لەبەرئەوەی ڕەنگدانەوەی ژینگە سیاسیەکەیەتی. لێرەوە گوتاری میدیایی لە داڕشتنیدا پشت بە واقیع و ڕووداوەکان دەبەستێت، بەڵام بەرهەمهێنانەوەی کە بەهۆی نەخشەکێش و جێبەجێکاری میدیایی تاک بێت یان تیم، ڕووداوەکە تەمومژاوی دەبێت نەک وەک ئەوەی دەبێت ببێت.

٢-٢- چوارچێوە و شیکردنەوەی چەمکەکانی توێژینەوەکە

دیارترین ئەو چەمکانەی لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا بەکارهاتوون بریتییە لە:

**١-٢-٢- ڕەخنەی میدیایی:** لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لەم زاراوەیە، دەرخستنی لایەنی نەرێنی و زەقکردنەوەی کەموکوڕی و کەمتەرخەمیەکانی حکومەتی هەرێمی و حزبە پێکهێنەرەکانێتی، لە پاڵ لایەن و ڕەهەندەکانی کارێک، لە هەواڵەکانی سایتی NRT.

**٢-٢-٢- گوتاری سیاسی:** لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە گوتاری سیاسی، کۆی هەڵوێستی گوتراو و نوسراوی کاراکتەرە سیاسیەکانە لەسەر ئاستی فەرمی (کە حکومەت و دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری دەگرێتەوە)، لەسەر ئاستی نافەرمیشدا (پارت و کەسایەتی سیاسی و ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی... هتد) دەگرێتەوە.

**٣-٢-٢- دیجیتاڵمیدیا:** لەم توێژینەوەیەدا، دیجیتاڵمیدیا بریتییە لە هەموو شێوە و ناوەڕۆکێکی ئەلیکترۆنیی میدیا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بڵاو و پەخش دەکرێت، کە ناتوانرێت بخرێتە خانەی ئامرازە کۆنەکانی میدیاوە، وەک سایتە هەواڵیەکان و سۆشیالمیدیا و بلۆگ و ئامرازەکانی دیکەی دیجیتاڵمیدیا.

٢-٣- پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەیی بە توێژینەوەکانی پێشوو:

**١-٣-٢- تێزی دکتۆرای "تۆربیۆرن ڤۆن کرۆخ" بە ناونیشانی "لێپرسینەوەی میدیایی لە پەیوەندی بە ڕەخنەی میدیایی و حکومڕانی میدیا لە سوید ١٩٤٠-٢٠١٠"، ٢٠١٢:** لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی ڕووپێوی چەندێتی بەکارهاتوە بۆ زانینی هەڵوێستی هەواڵسازان لەبارەی ئامرازەکانی لێپرسینەوەی میدیایی، بە بەکارهێنانی ڕاپرسی بۆ سەرنوسەران، تۆماری دیبەیتەکانی پەرلەمان لەبارەی ئامرازەکانی میدیا و ڕێکخستنی، چاوپێکەوتن، چاودێری ڕاستەوخۆ و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە و دیوکۆمێنتی لایەنە پەیوەندیدارەکان. مەبەست لێی شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان چەمکەکانی لێپرسینەوەی میدیا و ڕەخنەی میدیا و حکومڕانی میدیایە، لەپێناو تێگەیشتنێکی تەواوتر لەبارەی پرۆسەی لێپرسینەوەی میدیایی لە وڵاتی سوید لە نێوان ساڵانی ١٩٤٠-٢٠١٠ دا. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتوە: ڕەخنەی میدیایی کاریگەری لەسەر پەیکەری کارگێڕی ئامرازەکانی میدیا دەبێت و لە پرۆسەی لێپرسینەوەی میدیاییدا بەپێی قەبارە و کوالێتیەکەی کارتێکەر دەبێت، هەروەها جۆر و ئاست و چڕی ڕەخنەی میدیایی کاریگەری لەسەر کارکردنی پێکهاتەی حوکمڕانی میدیا دەبێت.

**٢-٣-٢- توێژینەوەی "یانا لاورا ئیگەلهۆڤەر، لوس ئالدەرینگ، سۆڤیە لێخەلەر" بە ناونیشانی "بێ شەرعیەتکردنی میدیا؟ شیکردنەوەی ڕەخنەی سیاسەتمەداران لە ئامرازەکانی میدیا لە سۆشیال میدیاوە"، ٢٠٢١:** توێژینەوەکە باس لە بەکارهێنانی ڕەخنەی میدیایی لە لایەن سیاسەتمەداران لە

ئەڵمانیا و نەمسا دەكات، بە ئەنجامدانی شیكردنەوەی ناوەڕۆك بۆ پۆستەكانیان لە تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبوك. ئامانجی توێژینەوەكە بریتییە لە: زانینی ئاستی ڕەخنەی سیاسەتوانان لە ڕێگەی ئامرازەكانی میدیاوە. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتوە بریتین لە: زۆر جار ڕەخنەی میدیایی لە لایەن سیاسەتمەدارە پۆپۆلیستەكانەوە بەكاردەهێنرێت، بەگشتی ئامرازەكانی میدیای نوێ بە لایەنگیری و درۆ تۆمەتبار دەكەن و هاووڵاتیان كاریگەر دەبن بەو ڕەخنە میدیاییەی لەمیانی ڕووماڵكردنی ڕووداوەكان لە ئامرازەكانی میدیای نوێوە بڵاودەكرێنەوە.

**٣-٣-٢- توێژینەوەی "ماتیو ئەی. باوم و تیم گرولین" بە ناونیشانی "میدیای نوێ و جەمسەرگیری گوتاری سیاسیی ئەمەریكا"، ٢٠٠٦:** توێژینەوەكە وەسفیە، شیكردنەوەی ناوەڕۆكی بۆ هەواڵە سیاسیەكانی پێنج سایتی ئەلیكترۆنی كردوە، بەراوردێك لە نێوان ئەو هەواڵانەی دەكات، كە لە میدیای نوێ بڵاودەكرێنەوە. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتوە بریتین لە: لایەنگریەكی ئایدۆلۆژیانەی ئاشكرا بە ڕووماڵكردنی ڕووداوەكان لە میدیای نوێ دەبینرێت و جیاوازیكردنی ئامرازەكانی میدیای نوێ ڕەنگە لێكەوتەی بەرچاوی لەسەر گوتاری سیاسی هەبێت، هەروەها بەكارهێنەرانی میدیای نوێ ئەو هەواڵانەیان پێ باشە كە ڕوانگەیەكی سیاسی لەخۆگرتوە.

بەچاوخشاندنەوە بەو توێژینەوانەی پێشوو، دەكرێت بڵێین: زۆربەی توێژینەوەكان "هەواڵ"یان وەك نموونە وەرگرتوە لە شیكردنەوەی ناوەڕۆكدا، بەو پێیەی ئەم ژانرە میدیاییە پانتاییەكی گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی پەیام و گوتارە سیاسیەكان، ئەمەش وای كرد، توێژینەوەكەی ئێمەش هەمان نموونە هەڵبژێرێت، بەڵام لە ڕووی كۆمەڵگەی توێژینەوەوە جودایە.

٣- میتۆدۆلۆژیا و تیۆری بەكارهاتووی توێژینەوەكە

٣-١- چوارچێوەی تیۆری بەكارهاتووی توێژینەوەكە

تیۆری چوارچێوەبەندیی هەواڵ (News Framing Theory)

١-١-٣- ناساندنی تیۆرەکە:

سەرەتای خستنەڕووی تیۆری چوارچێوەبەندیی هەواڵ دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆبرت ئینتمان Robert Entman، هەروەها لە پێشخستنی گریمانە سەرەکییەکەی و هەوڵدان بۆ تاقیکردنەوەی ئەوەی پەیوەستە بە پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لە نێوان ئامرازەکانی میدیا و بواری سیاسی. بیرۆکەی گشتی بۆ پێکهێنانی چوارچێوەی هەواڵ ئەوەیە، پرۆسەیەکی ئامانجدارە کە ئامرازەکانی میدیا و میدیاکاران پشت بە دارِشتنەوەی ناوەڕۆک و خستنە چوارچێوەی بابەتەکانی وەرگر و درککردنەکانیان دەبەستن یان قایلبوون بەو مانا و ناوەڕۆکەی لە دوای ڕێکخستنەوەی بە ئامانجی دەگرێت (الخطيب، ٢٠١١، ٣٠٠).

پرۆسەی چوارچێوەدانان بەپێی "ئینتمان" بریتییە لەوەی "کاتێک ئامرازەکانی میدیا بە مەبەست هەندێک لایەنی دیاریکراو لە واقیعە درکپێکراوەکانی دەوروبەرمان هەڵدەبژێرن، پاشان لە ناوەڕۆکە میدیاییەکانیان دەریدەخەن، بەجۆرێک تەرکیز لەسەر کێشەکان دەکەن و هۆکارەکانی تاوتوێ دەکەن و چارەسەرە ڕێتێچووەکان دەخەنە ڕوو" (Entman, Robert, 1993, p.52).

کەواتە، پرۆسەی چوارچێوەبەندیی لە ڕوانگەی دوو پێکهاتەی سەرەکی دەبێت، ئەوانیش: هەڵبژاردن و گرنگی، واتا، هەڵبژاردنی مەبەستدارانەی بۆ هەندێک لایەن لە واقیعە پێکهێنراوەکە پاشان تیشک خستنەسەری لە ڕووی میدیاییەوە و بەبازاڕکردنی بۆ جەماوەر.

تیۆری چوارچێوەبەندیی هەواڵ پەیوەستە بە پێکهێنانی رای گشتییەوە، بایەخمەندە بە پێکهێنان و گۆڕینی ڕوانگەی وەرگر، لە ڕێگەی لێکدانەوەی بۆ ڕووداوەکە و چاندنی هەڵوێستێکی دیاریکراو لە ڕێگەی ڕووماڵکردنی میدیاییانەی ڕووداوەکە، "نیلسۆن و کلاوسۆن" Nelson & Clawson وا پێناسەی چوارچێوەبەندییان کردوە کە "پرۆسەیەکە لە ڕێگەیەوە سەرچاوە میدیاییەکان و پرسە سیاسیەکان یان مشتومڕی گشتی لەبارەیەوە ڕێکدەخرێت". بەم پێیە، چوارچێوەبەندیی هەواڵ کاریگەری لە رای گشتی دەکات، لەمیانی تەرکیزکردنە سەر بەهاگەلی

دیاریکراو یان ڕاستیەکان، یاخود ئەو بیرۆکانەی لەبارەی پرسەکە زۆر ڕوونە، زیاتر لەوەی چوارچێوە بەدیلەکان بەدیدەهێنن (الطرابيشي، السيد، ٢٠٠٦، ١٩٩).

٢-١-٣- چوارچێوەکانی تیۆرەکە:

هەریەک لە Sumiko و Valkenburg ژمارەیەک چوارچێوەی هەواڵی بەرچاویان پۆلێن کرد، کە ژمارەیەک توێژینەوەی تایبەت بەم تیۆرە بەردەوام بەکاریدەهێنن، بریتین لە (غبن، ٢٠١٩، ٣٨-٣٩):

١- چوارچێوەی ململانێ: بەکارهێنانی ئەم چوارچێوەیە لە ڕووماڵە هەواڵیەکان بڵاوە، کە ڕەنگدانەوەی ڕەگەزی ململانێیە لە نێوان دوو لایەنی دژ، جا لە نێوان تاکەکان بێت یان کۆمەڵەکان یاخود هی دیکە.

٢- چوارچێوەی بایەخە مرۆییەکان: تایبەتمەندە بە ڕەهەندەکانی مرۆیی لە پرسە خراوەڕووەکان، کە ڕەهەندی سۆز و لایەنی کەسی بۆ بابەتی ڕووماڵەکە تیایدا ڕەنگدەداتەوە.

٣- چوارچێوەی ئەنجامە ئابووریەکان: جەخت لەسەر لایەنی ئابووری و کاریگەریە جیاوازەکانی دەکاتەوە، جا ئەوەی پەیوەست بێت بە تاک یان کۆمەڵگا بەگشتی.

٤- چوارچێوەی بەرپرسیارێتی: تاک یان کۆمەڵە یاخود حکومەتەکان بە بەرپرسیارێتی لەبارەی چارەسەری پرسێکی خراوەڕوو و چارەسەری پێشبینیکراو بۆی، پێکەوە دەبەستێتەوە.

٣-١-٣- نموونەکانی تیۆرەکە:

لە ڕوانگەی ئەم نموونانەی خوارەوە، کە چوارچێوەی ڕووماڵە میدیاییەکان بۆ پرس و ڕووداوە جۆراوجۆرەکان دیاریدەکات، دەکرێت لە تیۆری چوارچێوەبەندیی هەواڵ باشتر تێبگەین:

**یەکەم: نموونەی ئینتمان Entman:** "ڕۆبرت ئینتمان" لە ساڵی ١٩٩١ ئاماژەی بەوەدا، چوارچێوە بۆ دوو پۆل دابەشدەکات: یەکەم پەیوەستە بە چوارچێوەی تاوتوێکردنی میدیایی، کە

بە نیشانەکانی جیاکردنەوەی دەقی میدیایی دادەنرێت، دووەم ئاماژە بەو چوارچێوانە دەدات، کە جەماوەر لەبارەی ڕووداو یان پرسێکی خراوەڕوو لە ئامرازەکانی میدیا پشتیوانی دەکات و پێکیدەهێنێت. "ئینتمان" چوار ئەرک بۆ شیکردنەوەی چوارچێوەبەندیی هەواڵ دیاریدەکات، کە بریتین لە (مکاوي، السيد، ٢٠٠٦، ٣٥٠): دیاریکردنی کێشە یان پرسەکە بە وردیی، دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی کێشەکە، دانانی یاسای ئاکاری، پێشنیارکردنی ڕێگە چارە.

شیکردنەوەی چوارچێوەبەندیی هەواڵ سێ پێکهاتەی سەرەکی لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە (Liebler & Bendix, 1996, 53): پێکهاتەی شێوەی چیرۆکە هەواڵەکە، بیرۆکە سەرەکیەکە، ئەنجامە ناوەڕۆکیەکان.

لە دیاریکردنی چوارچێوەی هەواڵ پێنج گۆڕاوی سەرەکی ڕۆڵدەبینن، کە بریتین لە (مکاوي، السيد، ٢٠٠٦، ٣٥٠): ڕادەی سەربەخۆیی سیاسی ئامرازەکانی میدیا، جۆری سەرچاوەکانی هەواڵ، نەمەتەکانی مومارەسەی میدیایی، بیروباوەڕە ئایدۆلۆژی و کلتوریەکانی میدیاکاران، سروشتی خودی ڕووداوەکان.

### دووەم: نموونەی پان و کۆسیسکی Pan & Kosicki:

"پان" و "کۆسیسکی" لە ساڵی ١٩٩٣ نموونەیەکیان پێشکەشکرد، کۆمەڵێک کەرەستەی شیکردنەوەی چوارچێوەبەندیی هەواڵی لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە (خضر، ٢٠٠٦، ١٣-١٧):

١- بنیاتی پێکهاتەیی چیرۆکە هەواڵەکە، کە ئاماژە بە بەدوای یەکدا هاتنی ڕەگەز و بڕگەکانی ناو چیرۆکە هەواڵەکە دەدات، هەروەها ئەو ستراتیژانەی کە میدیاکار پەیڕەوی دەکات لە دروستکردنی ڕووداوە هەواڵیەکە و ئەو سەرچاوە هەواڵیانەی لە دەقە هەواڵیەکەدا بەکاردەهێنرێت.

٢- بیرۆکە سەرەکیەکان (بیرۆکە تەوەرییەکە) لە نێو دەقە هەواڵیەکە، کە بیرۆکە سەرەکیەکان یان تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی بابەتەکە و ئەو بیرۆکە تەوەرییەی کە دەقە هەواڵیەکە لەسەری دەڕوات.

٣- پوختە کرۆکیەکان، یارمەتی پاڵپشتی بیرۆکە تەوەریەکەی ئەو ڕووداو یان پرسە دەدات، کە ئامرازەکانی میدیا تەرکیزی لەسەردەکەن.

**سێیەم: نموونەی ئینگەر و سیمۆن** Iyenger & Simon (وهیب، ٢٠٠٩، ١٥):

ئەم نموونەیە بۆ ساڵی ١٩٩٣ دەگەڕێتەوە، باس لە پۆلێنێکی چوارچێوە هەواڵیەکان دەکات کە دوو جۆر لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیە:

١- چوارچێوەی دیاریکراو پەیوەست بە ڕووداوگەلی دیاریکراو Episodic Frame: وەسفی ڕووداو و پرسە ورووژاوەکان دەکات، لەمیانی واقیع و ڕووداوگەلی دیاریکراوەوە.

٢- چوارچێوەی گشتی یان ڕووت Thematic Frame: پرس یان ڕووداوە ورووژاوەکان لە چوارچێوەیەکی گشتی و ڕووتدا پێشکەشدەکات.

**چوارەم: نموونەی ماکسوێل ماکومبس و ئەوانیتر** (هەمان سەرچاوە، ٥٥):

ئەم نموونەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٧، لێکدانەوەیەکی خستەڕوو لەبارەی چۆنیەتی دروستکردنی وێنەی نەمەتی لەبارەی گەلان و کەسایەتیە دیارەکان لای جەماوەر، کە لەم دواییە کاریگەری گرنگتری ئامرازەکانی میدیا دەردەخات "ماکومبس و ئەوانیتر" لەم نموونەیە ئاماژە بەوە دەدەن، پەیامی میدیایی "تایبەتمەندیی بابەتی" لەخۆدەگرێت، کە پەیوەستە بە زانیاریە ڕووتەکان لەبارەی پرسەکە و کەسایەتیەکانی و لایەنەکانی و هۆکارەکانی، هەڵوێستە دروستکراوەکە تیایدا و ئەلتەرناتیڤەکانی چارەسەری، هەروەها "تایبەتمەندیی سۆزداری"، واتا،

چۆنیەتی تاوتوێکردنی لایەن و کەسایەتیەکانی نێو چوارچێوەی پرسەکە لە ڕووی ئەرێنی و نەرێنیەوە.

**پێنجەم: چوارچێوەی کەسایەتیە گشتیەکان** Public Figures Framing (خضر، سەرچاوەی پێشوو، ١٧):

ئەم نموونەیە لێکدانەوەیەک دەخاتەڕوو لەبارەی وێنە هزریەکان لای تاکەکان، وەک بەرهەمی ناوەڕۆکی ئامرازەکانی میدیا، ئەم نموونەیە لە گریمانەیەکی زانستیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئاماژە بەوە دەدات، ئامرازەکانی میدیا سەرچاوەی سەرەکی زانیاریەکانن لای جەماوەر لەبارەی دەوڵەت و گەلان، بایەخمەندە بە خستنەڕووی ڕوانگەی ئەرێنی یان نەرێنی لەبارەی کەسایەتیە دیارەکان لە ڕووداوەکە و خستنەڕووی لە چوارچێوەگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەسی… هتد، کە لە ڕێگەی کۆی ئەو چوارچێوانەوە وێنەکە دەستنیشانبکرێت.

٢-٣- میتۆدی بەکارهاتوو

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفیە، تیایدا میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتوە، بە پشتبەستن بە شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک.

٣-٣- کۆکردنەوەی داتا

توێژەر ئەم ئامرازانەی خوارەوەی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکان:

١- شیکردنەوەی ناوەڕۆک: بە ئامانجی وەسفکرنی ناوەڕۆکی هەواڵەکان لە سایتی NRT، لە ڕێگەی دانانی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک لە ڕوانگەی ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوە.

٢- تێبینیکردن: بۆ دیاریکردنی گرنگترین ئەو ناوەڕۆک و پرس و بابەتانەی زۆرترین پانتایی لە هەواڵەکانی سایتی NRT داگیرکردوە، توێژەر پشتی بە تێبینی و بەدواداچوونی ڕۆژانەی هەواڵەکانی سایتەکە بەستوە.

٤-٣- شیکردنەوەی داتا

لەم توێژینەوەیە دوو یەکەی شیکردنەوە دیاریکراون، ئەوانیش:

١- یەکەی بابەتە هەواڵیەکان: لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەو هەواڵانەی لە سایتی NRT بڵاوکراونەتەوە لەبارەی پرسە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان.

٢- یەکەی بابەت (بیرۆکە): بە واتای هەر بابەتێک باس لە پرسی سیاسی و ڕووداوەکانی پەیوەست بە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بکات.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەکانی شیکردنەوە بۆ سێ جۆر دابەش دەبن:

١- توێژەکانی شیکردنەوەی گوتار: پەیوەستە بە دیاریکردنی ئاڕاستەی سایتی NRT لە ڕووماڵکردنی هەواڵی سیاسی.

٢- توێژەکانی ڕەهەندەکانی گوتار: ئەو توێژانەن کە پەیوەستن بە دیاریکردنی ڕەهەندە ئاماژەیەکان لە سایتی NRT دا.

٣- ڕێڕەوی سەلماندن: ئەو توێژانەن کە پەیوەستن بە دیاریکردنی خستنەڕووی دید و بۆچوونی یەکلایەنە یان دوو بۆچوونی جیاواز، پشتبەستن بە داتا و ژمارە و ئامار و ئاماژەکردن بە بەڵگە و شایەتحاڵ لە سایتی NRT دا.

٤- گفتوگۆو شیکاری داتاکان و ئەنجامگیریی توێژینەوەکە

٤-١- ناساندنی نموونەی توێژینەوە

سایتی NRT سایتێکی ئەلیکترۆنی هەواڵیە، بە شێوەیەکی سەرەکی گرنگی بە هەواڵەکانی کوردستان دەدات، ناوەڕۆکەکەی بە زمانەکانی کوردی و عەربی و ئینگلیزی بڵاودەکاتەوە. لە

کارکردنیدا پشت بە ژمارەیەک لە هەواڵساز و پەیامنێری خۆی دەبەستێت. سایتێکی ڕەخنەئامێزە و کار لەسەر پرسە گرنگەکانی ناو حکومەت و دەسەڵات دەکات.

سایتەکە سەر بە دامەزراوەی میدیایی نالیایە، کە لە ساڵی ٢٠١٠ دامەزراوە، سەرچاوەی داراییەکەی لە لایەن کۆمپانیای وەبەرهێنانی نالیاوە دابینکرێت، کە خاوەنەکەی شاسوار عەبدولواحیدە و لە ساڵی ٢٠١٨ حزبێکی سیاسی بە ناوی "جوڵانەوەی نەوەی نوێ" ڕاگەیاند و بەشداری لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق کرد، بەو پێیەی ئەم سایتە چالاکیەکانی ئەو جوڵانەوەیە و گرنگی بە پەیامەکانی دەدات، بۆیە بە لایەنگیریکردن بۆ ئەو هێزە سیاسیە دەناسێنرێت.

٢-٤- دەرخستنی خشتە و ئەنجامەکان

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیجیتاڵمیدیا لە هەرێمی کوردستان، سایتی NRT وەک نموونەی توێژینەوە دەستنیشانکراوە، لەبەرئەوەی سایتێکی هەواڵیە و گوتار و پەیامی میدیاییەکەی زیاتر ناوەڕۆکە سیاسی و ڕەخنەییەکەی بەسەردا زاڵە. نموونەی توێژینەوەکەش لە ماوەی نێوان ٢٠٢١/١١/١ تا ٢٠٢٢/١٠/٣١ لە ڕێگەی کۆگیری (حصر شامل)ەوە (٤٣٥) هەواڵی سیاسی لە سایتەکە شیکارکراوە.

**خشتەی ١-١ ئاڕاستەی سایتی NRT لە ڕووماڵکردنی ڕووداوەکاندا**

| ئاڕاستە | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەند |
|---|---|---|---|
| لایەنگر | ٢٠٩ | ٪٤٨ | یەکەم |
| دژ | ١٥٠ | ٪٣٤.٤٨ | دووەم |
| بێلایەن | ٧٦ | ٪١٧.٤٧ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٤٣٥ | ٪١٠٠ | |

لەم خشتەیەدا ئاراستەی نموونەی توێژینەوە لە ڕووماڵکردنی ڕووداوەکاندا خراوەتەڕوو، "لایەنگر" لە ڕیزبەندی یەکەم بە ڕێژەی (٤٨٪) دێت، مەبەست لەم ئاراستەیە، ئەو هەواڵانەیە کە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی لێدوان و هەڵوێستەکانی لایەنی پشتیوانی سایتەکە (جوڵانەوەی نەوەی نوێ) دەکات. لەم دیدگایەوە ئاراستەی لایەنگرانە، بە وەرگر دەڵێت، چی ڕووی داوە، بەڵام بە ئاراستەیەکی ئایدیایانە نەک بابەتیانە، کە نموونەی توێژینەوەش لە زۆر لە پرسە خراوەڕووەکاندا کەوتۆتە ئەم دۆخەوە.

لە ڕیزبەندی دووەم "دژ" بە ڕێژەی (٣٤.٤٨٪) دێت، مەبەست لەم ئاراستەیە، زیاتر گوتارێکی بەرهەڵستانەیە دژ بە حکومەت و حزبە پێکهێنەرەکانی. پەیڕەوکردنی ئەم ئاراستەیە لە لایەن نموونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئاراستەی "لایەنگر"دا یەک دەگرێتەوە، کە هەوڵی داوە ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی لایەنی پشتیوانی بێت، کە لە بنەڕەتدا "جوڵانەوەی نەوەی نوێ" گوتارێکی ڕەخنەیی و بەرهەڵستکارانەی لە ئاست حکومەتی هەرێمدا هەیە کە لە (پارتی و یەکێتی)دا کورتی دەکاتەوە.

لە دوا ڕیزبەند "بێلایەن" بە ڕێژەی (١٧.٤٧٪) دێت، مەبەست لەم ئاراستەیە، ئاماژەدانە بە زیاتر لە دیدێکی ناتەبا لە هەواڵێکدا، یان بە یەکسانی خستنەڕووی دیدی لایەنە بەشدارەکانی پرسێک.

**خشتەی ٢-١ ڕەهەندە ئاماژەییەکان لە هەواڵەکانی سایتی NRT**

| ڕەهەندە ئاماژەییەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەند |
|---|---|---|---|
| تۆمەتبارکردن | ١٧٢ | ٪٥٥.٤٨ | یەکەم |
| هەڕەشە | ٩٣ | ٪٣٠ | دووەم |
| جنێو و سوکایەتی | ٣٥ | ٪١١.٢٩ | سێیەم |
| لێکچواندن بە کەس و ڕژێمە تاکڕەوەکان | ١٠ | ٪٣.٢٢ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٣١٠ | ٪١٠٠ | |

لەم خشتەیەدا ڕەهەندە ئاماژەیەکان لە هەواڵەکانی نموونەی توێژینەوە خراوەتە ڕوو، "تۆمەتبارکردن" لە ڕیزبەندی یەکەم بە ڕێژەی (٥٥.٤٨٪) دێت، نموونەی توێژینەوە زۆرترین ئەم ڕەهەندە ئاماژەییەی لەخۆگرتوە، ئەو تۆمەتانەی لە نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیان پێ دراوە، گشتین نەک بەڵگەدار.

لە ڕیزبەندی دووەمدا "هەڕەشە" بە ڕێژەی (٣٠٪) دێت، بوونی ئەم ڕێژەیەی ئاماژەی "هەڕەشە" لە نموونەی توێژینەوەکە، کە زۆربەی ڕووی لە دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان کراوە، دەرخەری لایەنگیریەتی گوتاری میدیایی سایتی ئێن ئاڕ تییە لە ئاست پرس و ناکۆکیە سیاسیەکان.

لە ڕیزبەندی سێیەمدا "جنێو و سوکایەتی" بە ڕێژەی (١١.٢٩٪) دێت، نموونەی توێژینەوە لەم ڕووەوە پیشەییبوونی خۆی خستۆتە ژێر پرسیارەوە، بەو پێیەی بە زمانێکی ئاست نزم لە کرۆکی بەشێک لە هەواڵەکانیدا، ئەم ئاماژانەی لە دژی حکومەتی هەرێم و پارتی و یەکێتی بەکارهێناوە، کە قورسایی گوتاری میدیایی نموونەی توێژینەوەکە لە دژی ئەوان بووە.

لە دوا ڕیزبەندیشدا "لێکچواندن بە کەس و ڕژێمە تاکڕەوەکان" بە ڕێژەی (٣.٢٢٪) دێت، بە مەبەستی دروستکردنی وێنەیەکی خراپی هزریی لە مێشکی وەرگردا، لەبارەی حکومەتی هەرێم و هەندێک کەسایەتی و سەرکردەی سیاسی لە کوردستان.

**خشتەی ٣-١ دابەشکردنی ڕێڕەوەکانی سەلماندن لە گوتاری سایتی NRT**

| ڕێڕەوەکانی سەلماندن | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| خستنەڕووی دید و بۆچوونی یەکلایەنە | ٣٧٩ | ٥٥.٥٧٪ | یەکەم |
| پشتبەستن بە داتا و ژمارە و ئامار | ٢٢٦ | ٣٣.١٣٪ | دووەم |
| خستنەڕووی دوو بۆچوونی جیاواز | ٤٨ | ٧.٠٣٪ | سێیەم |
| بەڵگەهێنانەوە و شایەتحاڵ | ٢٩ | ٤.٢٥٪ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٦٨٢(*) | ١٠٠٪ | |

(*) لە زۆر لە هەواڵەکانی نموونەی توێژینەوە، زیاتر لە ڕێڕەوێکی سەلماندن پەیڕەوکراوە.

لەم خشتەیە دابەشکردنی ڕێڕەوەکانی سەلماندن لە گوتاری نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە، "خستنەڕووی دید و بۆچوونی یەکلایەنە" لە ڕیزبەندی یەکەم بە ڕێژەی (٥٥.٥٧٪) دێت، نموونەی توێژینەوەکە لە ڕووماڵی ڕووداوەکاندا پشتی بە یەک گۆشەنیگا بەستوە.

لە ڕیزبەندی دووەمدا "پشتبەستن بە داتا و ژمارە و ئامار" بە ڕێژەی (٣٣.١٣٪) دێت، بە مەبەستی دڵنیاکردنی وەرگر لە ڕاستگۆیی زانیاریەکانی هەواڵەکە، هەرچەندە ڕەنگە لەم جۆرەی ڕێڕەوی سەلماندن، هەندێکجار زێدەڕۆیی بکرێت و بە ژمارە سەر لە وەرگر بشێوێنرێت.

لە ڕیزبەندی سێیەمدا "خستنەڕووی دوو بۆچوونی جیاواز یان زیاتر" بە ڕێژەی (٧.٠٣٪) دێت، بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیە، بەڵام ڕێژەکەی کەمە.

لە دوا ڕیزبەند "بەڵگەهێنانەوە و شایەتحاڵ"ە بە ڕێژەی (٤.٢٥٪)، نموونەی توێژینەوە لە ناوەڕۆکی بەشێک لە هەواڵەکانی بەڵگەی خستۆتەڕوو، بۆئەوەی پەیامە میدیاییەکەی ڕەوایەتی هەبێت و توانای کارتێکردنی زیاتر بێت، بەڵام لە زۆر باردا ڕەخنەی گرتوە، بەبێ بوونی بەڵگە یان زانیاری پێویست یاخود شایەتحاڵ بۆ پاڵپشتیکردنی گوتارە میدیاییەکەی.

٥- ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

١- ئاراستەی سایتی NRT هەڵگری گوتاری بەرهەڵستکارانەیە لە ئاست حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزە پێکهێنەرەکانی، چ بە لایەنگیریکردن بۆ گوتاری ئەو هێزە سیاسیەی پاڵپشتی سایتەکە دەکات، یان بە دژبوون بۆ دەسەڵاتی سیاسی.

٢- هەواڵەکانی سایتی NRT زیاتر سیمای هێرشکردنیان پێوە دیارە بۆ سەر کۆی دامەزراوە فەرمیەکان، بە بەکارهێنانی ستراتیژییەت و زمانێکی زبر، کە هەڵگری دەستەواژە و ئاماژەی زبرە، لەگەڵ بنەما یاسایی و ئیتیکیەکانی پیشەی میدیاییدا یەکناگرنەوە.

٣- لە بەکارهێنانی ڕێڕەوەکانی سەلماندندا، سایتی هەواڵی NRT سەربارى هەمەجۆرى بەکارهێنانی ڕێڕەوەکان، بەڵام لە ئاست و ڕێژەی بەکارهێنانیاندا ناهاوسەنگی بەدی دەکرێت، زیاتر کار لەسەر ئەوە کراوە، کە ڕووداوەکان لە یەک گۆشەنیگاوە بخرێنەڕوو.

لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: پەرتووک:**


- السيد بخيت (٢٠١٢)، *الاعلام الاماراتي الواقيع والقضايا والممارسات*، الشارقة، مركز الخليج للدراسات، الشارقة، دار الخليج للصحافة والنشر.

- هباس بن رجاء الحربي (٢٠١٥)، *النقد الاعلامي: مفاهيم - اتجاهات - قضايا*، عمان، دار اسامة للنشر والتوزيع.

- حسن عماد مكاوي وليلى حسين السيد (٢٠٠٦)، *الاتصال ونظرياته المعاصرة*، ط٦، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية.

- ميرفت الطرابيشي، عبدالعزيز السيد (٢٠٠٦)، *نظريات الاتصال، القاهرة*، دار النهضة العربية.

الدكتور عماد الدين تاج السر فقير عمر (٢٠١٦)، *النقد الاذاعي والتلفزيوني*، الامارات، برين للنشر والتوزيع.


**دووەم: نامە و تێزی دکتۆرا:**


- استبرق فؤاد وهيب (٢٠٠٩)، *المعالجة الاعلامية للاحتلال الامريكي للعراق: تحليل مضمون مجلة* نيوزويك- *النسخة العربية*، رسالة ماجستير غير منشورة، عمان، كلية الاعلام، جامعة الشرق الاوسط للدراسات العليا.

- جليل وادي حمود (٢٠٠٠)، *الخطاب الاعلامي وادارة الازمة السياسية (١٩٩١-١٩٩٨)*، اطروحة دكتوراه، جامعة بغداد، كلية اداب، قسم الاعلام.

- يوسف عبدالرحمن غبن (٢٠١٩)، *الاطر الخبرية لانتفاضة القدس في المواقع الالكترونية للصحف الامريكية*، دراسة تحليلية مقارنة، رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الاسلامية بغزة، كلية الاداب، قسم الصحافة.

- نيرمين زكريا اسماعيل خضر (٢٠٠٦)، *المعالجة الاعلامية للاحداث الدولية: دراسة على عينة من وسائل الاعلام المصرية والامريكية*، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة القاهرة، كلية الاعلام، قسم العلاقات العامة والاعلان.

- محمد حمود حسن (٢٠٠٤)، *الخطاب الاعلامي في الصحافة الاسلامية العراقية: دراسة تحليل مضمون مجلة الفتوى والصفحة الاسلامية لجريدة العراق للمدة من ٢٠٠٢/١/١-٢٠٠٢/١٢/٣٠*، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاعلام، جامعة بغداد.

- عادل عبد الرزاق مصطاف الغريري (٢٠٠٥)، *الخطاب الاعلامي السياسي الايراني الموجه للعراق في قناة العالم الاخبارية: دراسة تحليلية للبرامج السياسية- برنامج العراق اليوم إنموذجا*، رسالة ماجستير، كلية الاعلام، جامعة بغداد.

- فاطمة الزهراء ابو الفتوح الخطيب (٢٠١١)، *اطر المعالجة الاعلامية لسياسات الرئيس الامريكي باراک اوباما: دراسة مقارنة بين قناتي الجزيرة والحرة*، جامعة عين الشمس، كلية الاداب، العدد ٣٩.

**سێیەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

- Carole Liebler & Jacob Bendix (1996), *Old-growth Forests on Network News: News Sources and the Framing of an Environmental*

*Controversy*, Journalism and Mass Communication Quarterly, Vol.73, No.1.

- Entman, Robert (1993), *Framing: Toward clarification of a fractured paradigm*, Journal of communication, 43 (4).

- Jana Laura Egelhofer ,Loes Aaldering & Sophie Lecheler (2021), *Delegitimizing the Media? Analyzing Politicians' Media Criticism on Social Media*, University of Vienna, Vrije Universiteit Amsterdam, Journal of Language and Politics.

- Matthew A. Baum & Tim Groeling (2008) *New Media and the Polarization of American Political Discourse*, Political Communication, 25:4, 345-365, DOI: ١٠٥٨٤٦٠٠٨٠٢٤٢٦٩٦٥/١٠.١٠٨٠

- Torbjörn von Krogh, *UNDERSTANDING MEDIA ACCOUNTABILITY Media Accountability in Relation to Media Criticism and Media Governance in Sweden 1940-2010*, Thesis for the degree of Doctoral of Philosophy, Mid Sweden University, SE-851 70, 2012.

ملخص الدراسة

تهدف هذه الدراسة الى تحديد اتجاه الموقع الالكتروني NRT في النقد وتقييم الخطاب السياسي في إقليم كوردستان، والأبعاد المرجعية ومسارات البرهنة المتمثلة في خطاب الموقع الألكتروني NRT. هذه الدراسة وصفية وتم استخدام منهج المسحي واعتمدت طريقة تحليل المضمون. يتكون مجتمع الدراسة الصحافة الالكترونية في إقليم كوردستان، وتم تحديد الموقع الألكتروني NRT انموذجا. وتم تحليل لـ(٤٣٥) خبرا في الموقع المذكور خلال سنة كاملة وذلك من (٢٠٢١/١١/١ الى ٢٠٢٢/١٠/٣١) . توصلت الدراسة الى عدة استنتاجات، أهمها أن اتجاه الموقع الألكتروني NRT يحمل الخطاب المقاومي تجاه حكومة إقليم كوردستان والقوى الحزبية المتمثلة فيها، ويتمثل غالبية أخباره التعدي على معضم المؤسسات الرسمية في الإقليم و، تم عرض الأحداث من أكثر من وجهة نظر.

**الكلمات الافتتاحية:** النقد الإعلامي، الخطاب السياسي، الإعلام الألكتروني